کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-5-2007 19:25

## بەیاننامەیەک لەمەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە سەبارەت بەکردە تیرۆرستیەکەی بەردەم وەزارەتی ناوخۆ

قوتابیانی سەرەڕم...
مامۆستایانی نیشتمان پەروەر...
جەماوەری شەرەفمەندی کوردستان...
تیرۆرستان لەهەولێکی نەگریسی دیکەیاندا ئەمڕۆ 2007/5/9 کاتژمێر 8:05 خولەك کامیۆنێکی (TNT) ڕێژکراویان بەنزیکەی (800کگم) . لەبەر دەم ئاوایی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی کوردستان تەقاندەوە ولەئەنجامدا شەهید و بریندار بوونی دەیان کارمەندی ئاسایش و خەڵکی سڤیل و لەنێویشیاندا سی قوتابی بەناوەکانی (ئەسمەر سابیر لەدایك بووی 1988ومحەمەد سابیر لەدایك بووی 1991و عومەر سەباح غەریب لەدایك بووی 1994) هەبوو.
کوردستانیانی خاوەن هەڵوێست...

کادیرو ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەست بەجی وەك ئەرکێکی هەمیشەیی نیشتیمانی و مرۆڤ دۆستانەی خۆیان ئامادەی خوێن بەخشین بوون. لەهەمان کاتیشدا ئامادەی هەر ئەرکێکن کە پێیاندەسپێردرێت لەپێناو پاراستنی ئاسایش و تەناهی درێژەدان بە پێشکەوتنەکانی گەل و وڵات.

بەڕێزان...
دڵنیاین کەتیرۆرستان و دوژمنانی کوردستان ناتوانن ڕەوتی ئازادی و پێشکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی سەرکردایەتی سیاسی و خەڵکی سڤیلی ئەم وڵاتە بوەسستێنن، ئەگەر تەنها بەکارێکی ترسنۆکانەی لەم جۆرە دزەبکەنە نێو جەماوەری نەترساوی وڵاتەکەمان.
لەم دەرفەتەشدا ئێمە لە (ی. ق. ك) دوپاتی دەکەینەوە کەپاڵپشتی هەوڵەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەبین بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان
لە کۆتاییدا سەری ڕێز بۆ شەهیدان دادەنەوێنین و هیوای هەرچی زوو چاکبونەوە بۆ بریندارەکانیش

دەخوازین.
*سەرکەوێت ئیرادەی بەهێزی کوردستانیان مەکتەبی سکرتاریەتی
*شکستی یەکجاری بۆتیرۆرستان یەکێتی قوتابیانی کوردستان
2007/5/ 9

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.